ئەگەر کەسێک هات و ویستی یەکڕیزی ئێوە پەرتەوازە بکات وناکۆکی بخاتە نێوانتان ؛ لەکاتێکدا ئێوە ڕێککەوتوون لەسەر یەك پیاو (کە خەلیفەتانە -ئەمیرتانە-)، ئەوا ئەو کەسە بکوژن

لە عەرفەجەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر کەسێک هات و ویستی یەکڕیزی ئێوە پەرتەوازە بکات وناکۆکی بخاتە نێوانتان ؛ لەکاتێکدا ئێوە ڕێککەوتوون لەسەر یەك پیاو (کە خەلیفەتانە -ئەمیرتانە-)، ئەوا ئەو کەسە بکوژن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر مسوڵمانان یەکدەنگ بوون لەسەر یەك بەیعەتدان بە یەك فەرمانڕەوا و یەك کۆمەڵ بوون، پاشان کەسێك بێت و بیەوێت ڕکابەری ئەم فەرمانڕەوایە بکات ودەسەڵاتی لێوەربگرێتەوە، وپەرتەوازەیی بخاتە نێو ڕیزی مسوڵمانانەوە بۆئەوەی دابەشی بن بۆ سەر چەند کۆمەڵێك، ئەوا واجبە لەسەر مسوڵمانان ڕێگری لێبکەن ودژی بجەنگن ؛ بۆ دوورخستنەوەی شەڕ وزیانی وبۆ پاراستنی خوێنی مسوڵمانان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58223